# بەفیرۆچوون و بەفیرۆدانی وزەی کارەبا

**ڕێژەی وزەی کارەبا بەفیرۆچوو لەکوردستان ڕێژەیەکی بەرزە، کە زیانێکی گەورەیە بۆ داهات و ئەو وزەیەی بەرهەم دێت، هاوکات ماوەیەکێ کەمتر هاووڵاتی کەڵکی لێ وەرئەگرن و، هیچ پاساوێکی بۆ ئەم بەفیرۆدانە نییە، بابزانین وزەی کارەبای بەفیرۆچوو چییە ؟ هۆیەکانی چییە ؟ کێ بەرپرسیارە کە ڕێژەکەی بەرزە ؟ چۆن ئەتوانرێت ئەو ڕێژەیە کەم بکرێتەوە..**

**سیروان عارف ئەمین**
**ڕاوێژکار**

وزەی کارەبا بەفیرۆچوو بەوە پێناسە ئەکرێت، کە جیاوازی لەنێوان وەزی کارەبای بەرهەمهێندا کە ئەدرێت بەهاولاتییان و ئەو وزە کارەبایەی کە دەگاتە هاولاتییان و، پێیان دەفرۆشرێت، بەپێی پسوولەی دەرکراو و کەڵکی لێ وەردەکرن . هۆیەکانی وزەی کارەبای بەفیرۆچوو کە پێویستە بگاتە هاولاتییان بە کەمترین ڕێژەی بەفیرۆچوو دەگەڕێتەوە بۆ:

1- بێکەڵکی تۆڕەکانی کارەبا بەهۆی بەسەرچوونی ساڵانێکی زۆر بەسەرخستنە ژێر کارەوە، کە زۆربەی خەسڵەت و تواناکانی خۆی ونکردووە .

2- درێژی تۆڕەکانی کارەبا بەتایبەتی تۆڕە مامناوەندییەکان (MV) و نزمەکان (L.V) .

3- نەبوونی وردی لەتۆمارکردنی وزەی کارەبای وەرگیراو، لەلایەن هاوبەشەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنی پێوەرەکان کە چەندەها ساڵە دانراون و بەردەوام پێویستییان بە ( adjustment ) هەیە .

4- دانانی بەستنی پێوەر بەشێوەیەکی ناڕاست کە خوێندنەوەی ڕاست نادات .

5- دانانی (محاویلەی تۆڕی کارەبا) (current transformer) بۆ هەندێ پرۆژەو شوێنی گەورە، کە گۆڕینی ناگونجێت لەگەڵ (تیار) کە لەباری کەمدا پێوەر تۆماری وزەی وەرگیراو ناکات.

6- دانەنانی پێوەر بۆ زۆربەی فەرمانگەکانی دەوڵەت و شوێنە تایبەتەکان .

7- نەبەستنی شوێنی پەیوەندی (Access Point) بەباشی، کە ئەبێتە هۆی بەفیرۆچوونی وزەو زیان گەیاندن بەئامێرە کارەباییەکان.

8- ئاشکرایە هەندێ لەوزەی کارەبا بەفیرۆ دەچێ لەگواستنەوەی وزەی کارەبادا لە تۆڕەکانی وزەی بەرزو، نزم گەر بەبێ مواسەفات کرابێ شتێکی سروشتییە.

9- دزینی وزەی کارەبا کە هەندێ هاوبەش هان دەدات و ڕێ خۆشکەرن بۆ ئەنجامدانی بۆ بەرژەوەندی خویان و ئەم کارە جێبەجێ دەکرێت زۆربەی وەک هاووڵاتییان دەڵێن بەشارەزایی کارمەندانی فەرمانگەکانی کارەبا و ئەوەش :

أ- بەدەستکاری کردنی پێوەری کارەبا بۆ وەستاندنی و کەم تۆمارکردنی کارەبای بەکارهێنراو .



ب- کاری وای لێ بکرێت کەپێوەر بەپێچەوانەوە بسوڕێتەوە و وزەی بەکارهاتوو بسڕێتەوە .
ت- یان بەوەرگرتنی وزەی کارەبا لەپشت پێوەرەوە بەتایبەتی بۆ ئامێری کە وزەی زۆر ئەوێت یان بۆ ماڵەکەو لەپڕۆژە پیشەسازی و کشتوکاڵی زیاتر زیان بەخشە ئەم دیاردەیە ڕێژەیەکی زۆر کارەبا بەفیڕۆ دەڕوات وە پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا سەرپێچی کردنە سەر داهاتی گشتی جێگیرە لەناخی هەندێ کەسدا؟ یان وا دەکرێت لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کەوا والە هاووڵاتی بکات ئەویش سەرپێچی بکات، پێویست بەوە ناکات پاساو بهێنێتەوە بۆ سەرپێچی، بەڵام ئەمانەوێت لەسەر ڕاستییەکان بووەستین بۆ ئەوەی ڕێگەی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە و هەوڵی کەمکردنەوەی بدرێت.
ج- بۆ چارەسەرکردنی و کەمکردنەوەی ڕێژەی وزەی کارەبای بەفیڕۆچوو پێویست دەکات :

1- دروستکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای نوێ، هەروەها وێستگەکانی گۆڕین بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ هەمووان .
2- دامەزراندن و دروستکردنی هێڵی تەزوو بەهەموو جۆرەکانی وەک پێویست لە (Mv / H.V/ L.V) بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ هەمووان و دابەشکردنی بەشێوەیەکی زانیاری .
3- دانانی (capacitors bank) بۆ ڕاستکردنەوەی توانای کارەبا .
4- نوێ کردنەوە و چاکسازی لەهێڵەکانی وێستگەکانی گۆڕین کە هەیە .
5- دابینکردنی پێوەری پێویست بەپێی خەسڵەتەکانی تەواو و پشکنین کردنی پێش دانانی، هەروەها گۆڕینی پێوەرەی کۆن و لەکار کەوتووەکان .
6- هێنان و دانانی پێوەری ئەلیکترۆنی (Degetal) بەتایبەتی بۆ پڕۆژە پیشەسازی وکشتوکاڵییەکان و شوێنە بازرگانییە گەورەکان وەک هەنگاوێک بەزوویی .
7- کاری پێویست و بەپەلە بە دروستکردنی تۆڕی کارەبا بۆ ئەو شوێن و کۆمەڵگایانەی کە کارەبایان بەشێوەی نایاسایی ڕاکێشاوە .
8- بەکارهێنانی وزەی کارەبا بەپێی پێویست لەلایەن هاوڵاتییانەوە، فەرمانگە حکومییەکان بەدەر لەحکومییەکان بەگرتنە بەری جۆرەها ڕێگە یاسایی و دارایی و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی.
9- گرنگی پێدان بەکەرەستەی دروستکردنی خانووی شوێنە گشتییەکان، کە بەڕێژەیەک بتوانرێ ناوەوەیان بپارێزرێت لەسەرمای زستان و گەرمای هاوین بە بەکارهێنانی لە کەرەستەی نەگەیەنەری گەرماو سەرما .
10- جۆری ئامێری کارەبای کە دێتە کوردستان و لەبازاڕدا دەفرۆشرێت، کە پێویستە هێنانی لەژێر چاودێریدا بێت و، جۆری باش بن هەر لەسپلیت کەرەستەو ئامێری ڕووناکی کردنەوەو ئامێری گەرمکردن و سارد کردن... هەتا دوایی .
11- برگەی (10) هەروەها ئەو کەلوپەل و ئامێرانەی دەکردرێت کەلەلایەن وەزارەتی کارەبا دەهێنرێت و بەکاردێت لەسیستەمی کارەبای کوردستان، بەهەمان شێوە دەبێت بەپێی خەسڵەتەکان بێت گەر نا بەشێکی پاش کارەبای بەفیڕۆچوو پەیوەندی بەو کەلوپەل و ئامێرانەوە هەی.
12- پێکهێنانی لیژنەی پسپۆڕو لێهاتوو لەلایەن وەزارەت و فەرمانگەکانییەوە بۆ پشکنین و نەهێشتنی سەرپێچی و زیادەڕۆیی و دانانی سزای توند.
ئەوەی لەپێشەوە باس کرا بەشێکی گرنگە، پێویستە کاری بەردەوامی بۆبکرێت و هەوڵدان بەهەموو جۆرێک کە هاووڵاتییان دورکەونەوە لەکاری نایاسایی، بۆئەوەی وەک پێویست کارەبا بگاتە هەمووان و بەفیڕۆچوون و بەفیڕۆدانی وزەی کارەبا بچنە کەمترین ئاست.

